# حوكمەكانی

# ڕۆژی عاشـــورا

نوسینی

زانای پایە بەرز/ عبدالعزیز بن ریس الریس

وەرگێڕانی

**باوکی موسلیم**

لەبڵاوكراوەكانی ماڵپەڕی ئیمان وەن

www.imanı.com

## پێناسەی پەرتوك

**ناوی كتێب:** حوكمەكانی ڕۆژی عاشـورا.

**نوسینی:** عبدالعزیز بن ریس الریس.

**ناوی وەرگێڕ:** عـبدالله خالد عـبدالحمید(باوكی موسلیم)

**ژمارەی سپاردن:** ژمارە ( ٣٥٦ ) پێ دراوە لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە .

**زنجیرە:** (٥٦)

**نۆرە و ساڵی چاپ:** یەكەم – (١٤٣٢ هـ / ٢٠١١ز) .

**تیراژ:** (٥٠٠) دانە.

## پێشەكی بەڕێز مامۆستا عبداللطيف احمد:

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله....

وبعد:

خوێنەری بەڕێز ئەم نامیلكەیەی بەر دەستت بریتیە لە بابەتێكی فیقهی گرنگ كە سودێكی واقیعی لێ دەبینرێت نەك تەنها بابەتێكی فیكری ڕووت بێت بێ ئەوەی هیچ كردەوەی لەسەر بنیات بنرێت.

بابەتی ئەم نامیلكەیە برییتیە لە ڕونكردنەوەی خێری بەڕۆژو بوونی ڕۆژی عاشوراء كە (١٠)ی مانگی (محرم)ە, كە پێغەمبەری خوا ( r ) پێش ئەوەی ڕەمەزان واجب بێت بەڕۆژوو بوونی ئەو ڕۆژەی لەسەر موسڵمانان واجب كرد بەوەی كە فەرمانی پێ كردن تیایدا بەڕۆژووبن وەك شوكرو سوپاسێكی خوا لەسەر رزگاركردنی موسا (عليه السلام)و شوێن كەوتەكانیو لەناوبردنی فیرعەونو

جوندیەكانی.، بۆ ئەوەی بۆمان ڕوون بكاتەوە كە شوكری نیعمــەتی ئــازادبوونو ســەركەوتن بــە عیبــادەتو ڕۆژوو گرتنە نەك بە گۆرانیو مۆسیقاو ئاهەنگ گێڕانو ... هتد.

وە دوای واجب بوونی ڕەمــەزانیش بــەڕۆژوو بــوونی ڕۆژی (عاشوراء) لە (واجب)ەوە دابەزی بۆ (مستحب) واتە تەنها خێرە نەك واجب، وە خێرەكەشی بۆ ڕوون كردینــەوە كــە گوناهی ســاڵێك ڕەش دەكاتــەوە، بــۆ ئــەوەی موســڵمانان بەردەوام بن لەسەر ئەم خێرە.

وە برای بەڕێزمان مامۆستا عبدالله هەڵساوە بە وەرگێڕانی ئەم نامیلكەیــە بــۆ زمــانی كــوردی، كــە حوكمــەكانی ئــەم ڕۆژەی ڕوون كردۆتــــەوە. خــــوا پاداشــــتی نوســــەریشو وەرگێڕیش بداتەوە. والحمدلله رب العالمین.

**عبداللطیف احمد مصطفی**

**١٣ / = / ١٤٣٢ كۆچی**

# پێشەكى وەرگێڕ:

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِـــن شُـــرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَن يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُـــضْلِلْ فَـــلا هَادِيَ لَهُ , وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَـــهُ , وَأَشْـــهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾[ آل عمران : ١٠٢ ] .

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾ [ النساء : ١ ] .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾ [ الأحزاب : ٧٠ ـ ٧١ ] .

أَمَّا بَعْدُ : فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّـــدٍ h وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُها وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

لـە پاشـاندا: موسـوڵمانانی بـەڕێزو خۆشەویـست ئـەم بابەتەی کە لـە بەردەستاندایە لـە نێـو ئـەم نامیلکەیـەدا سـەبارەت بـە حوکمـەکانی ڕۆژی دەیـەمی موحەڕەمـە بابەتێکی زۆر گرنگە لەم بوارەدا هەرچەندە بچوکیشە بـە قـەبارە بـەڵام بەسـودە لـە هـاوردنو تـاوتوێکردنی بـۆ بابەتـەکانو شـیکردنەوەیان بـە شـێوەیەکی زانـستیو فەرموودەیی .

دانەری ئەم نامیلکەیە بەڕێز شێخ (عبدالعزیز بـن ریـس الریس)ە, خودا پاداشتی بەخێری بداتەوە کە یەکێکە لەو بانگخوازانـەی کـە بـانگخوازی مەنهـەجین بـۆ ڕێبـازی پێـشینانی چـاکی ئـەم ئوممەتـە, وە یەکێکیـشە لـە قوتابیەکانی زانـای پایـە بـەرز شـێخ ( عبـدالعزیز بـن بـاز وەچەندین زانای پایەبەرزی تر ڕەحمەتی خوایان لێبێت).

وە هـەروەها لێـرەدا دەمـەوێت ئـەوە بڵـێم مـەرج نیـیە ئەوەی کە لـەم نامیلکەیەدایـە بۆچـوونی هـەموو زانایـانی

دێـرینو تـازە بێـت بـە تێکـڕا. بـەلاّم دەتـوانم بلّـێم بـە شێوەیەکی گشتی پەرتوکێکی بەسودە بۆیـە منـیش پـێم باش بوو کە وەریگێڕمە سەر زمانی ڕەسەنی کـوردی, وە هەروەها لەبەر ئەوەی ببێتە هۆکاری سـڕینەوەی هەنـدێ لە تاوانەکانم, بەڵێ بەراستی عاشورا بـەڕێزە, بـە فەزڵـە, پیرۆزە, گەورەیە, بەلاّم دەبێت لە سـنوری شـەرعدا بێـت بـە گـەورە دانانمـان بـۆ ئـەم مانگـە پـیرۆزە نـەك وەك ڕافیزەکان خودا لە ناویان بەرێت گەر هیدایەت وەرنـاگرن کە ئەو ڕۆژە دەپەرستن و تیایدا چەندەها جۆری هاوبەش دانانو شتی بیدعەو پڕوپوچ ئـەنجام دەدەن, وە هـەر لـە یادی ئەو ڕۆژەدا چەندەها دوروشم دەڵێنـەوە کـە یـەکێك لەو دوروشمانە ئەوەیـە کـە داوا دەکـەن تۆڵـە لـە ئـەهلی سوننە بسەندرێتەوە بەوەی کە ئـەو درۆیـە دەدەنـە پـاڵ ئەهلی سوننە بە کوشـتن و دەسـت هـەبوون لـە کوشـتنی ئیمـامی حوسـێنی کـوڕی ئیمـامی عـەلی ڕەزای خـودا لـە

هەردوکیان بێت. کە لە ڕاستیشدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو بە باشی بۆمان دەردەکەوێت کە ڕافیزەکان خۆیان کوشتویانە. ئەوان سوێند بە خودا شوێن کەوتەی ئیبن سەلولن نەك شوێنکەوتەی ئیمامی حوسێن ڕەزای خوای لێ بێت. وە جگە لەم شتانەش چەندەها تاوان و بیدعەو موتعەو سەرپێچی تری تیادا ئەنجام دەدرێت هەر بەناوی خۆشەویستیانەوە بۆ ئیمامی حوسێن ڕەزای خوای لێبێت, ئێمەش وەك ئەهلی سوننە و جەماعە دەڵێین خودا تۆڵە لە بکوژانی خاوخێزانی پێغەمبەری خوا ( r ) بەگشتی و ئەو هاوەڵە بەڕێزەش بە تایبەتی کە ئیمامی حوسێنی کوڕی ئیمامی عەلی بسەنێتەوە بۆ ئەو تاوان و ستەمەی کە لێیانیان کرد. کە دەکاتە کچەزای بەڕێزترین مرۆڤ کە ئەویش گلێنەی چاومانو پێشەوای سەروەرمانو پێغەمبەری خودامان محمدە ( r ).

خوای گەورە لێمانی وەرگرێت بە فەزلّ و میهرەبانی خۆی وە یارمەتیشمان بدات بۆ بە گەورە دانانی سوننەتەكانی پێغەمبەری خوا ( r ) بەگشتی وە بەتایبەتیش بۆ گرتنو زیندووكردنەوەی ڕۆژووی ڕۆژی نۆیەمو دەیەمی ئەم مانگە پیرۆزە .

والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى أله وصحبه أجمعين – أمين.

ابومسلم
ڕۆژی جومعە ١١ /١/موحەڕەمی ١٤٣٢ك
بەرامبەر ٢٠١٠/١٢/١٧ ز

بسم الله الرحمن الرحيم

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته ....

لەپاشاندا: ئەم باسە كـە ( **حوكمــەكانی ڕۆژی عاشــورایە** ) وتارێكی تۆماركراو بووە كە یـەكێك لـە برایـان خـستویێتیە سەر كاغەز. خوای گەورە پاداشتی چاكی بداتـەوە كـە بـە شــێوەیەكی پەلــە چــاوم پێــدا خــشاندۆتەوە و هەنــدێك ووشەم ڕاست كردۆتەوە تیایدا. داوا لە خودا دەكـەم ئـەم نامیلكەیـە بكـات بـە مایـەی سـود لـەنێوان موسـوڵمانان. وە هەروەها داواشی لێدەكەم بـە میهرەبـانی خـۆی لێمـی وەربگرێت .

عبدالعزيز ريس الريس

٧/ ١/ محرم ١٤٢٦ كۆچی

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ , وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ , وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ .

**لە پاشاندا:** لەبەرئەوەی لە سەرەتای مانگی موحەڕەمی پیرۆزداین بە پێویستم زانیو وە لە كاتی خۆیدایە كە هەندێك لەو حوكمانە باس بكەین‌و ڕوون بكەینەوە كە پەیوەستن بە ڕۆژی دەیەمی موحەڕەم (عاشورا) كە لەڕاستیداو بێ گوومان ئەم ڕۆژە ڕۆژێكی زۆر گەورەیە لە لای خوای گەورە, ڕۆژی عاشورا فەزڵ‌و پیرۆزیو تایبەتمەندیەكی زۆری هەیە بەسەر ڕۆژەكانی تری ساڵەوە.

لە فەرموودەیەكی ڕاستدا كە لە صەحیحی ئیمامی بوخاری و موسلیمدا هاتووە لە فەرموودەكەی عبدالله ی

كوڕی عەباسەوە كە گێڕاوێتیەوە ( لم أرى النبي صـــلى الله عليه وعلى آله وصحبه وسلم يتحرى صيام يـــوم مثلمـــا يتحرى صيام عاشورا )[(١)].

واتـــە: (هـــەرگیز پێغەمبـــەری خـــوام نـــەبینیوە صـــەڵات و ســـەلامی خـــوای گـــەورە لـــەخۆی و كـــەس و كـــارو هـــەموو هاوەڵانی بێت كە ئەوەندە خۆی ماندوو بكردایەو بایـەخی بدایە بە ڕۆژووگرتنـی ڕۆژێـك لـە ڕۆژەكـانی بۆنـەكان وەك خۆماندووكردنو خۆ ئامادەكردنی بۆ ڕۆژی عاشورا, واتـە دەیەمی موحەڕەم) .

وە هـەروەها لـە فەرموودەیـەكی صـەحیحدا هـاتووە لـە صـــەحیحی ئیمـــامی موســـلیم لـــە فەرموودەكـــەی ئـــەبو قـەتادەدا كـە پێغەمبـەری خـوا ( ﷺ ) پرسـیاری لێ كـرا سەبارەت بە ڕۆژووی ڕۆژی عاشورا: پێغەمبەری خوا ( ﷺ )

(١) صحيح: بخاري(٢٠٠٦) ومسلم(٢٦٥٧).

فەرمووی (يُكَفِّرُ السَّنَةَ الْمَاضِيَةَ)[٢] واتـە: (گونـاهو تـاوانی ساڵی ڕابردوت دەسڕێتەوە) .

بۆیە زانایان یەك دەنگن لەسەر ئـەوەی کـە ڕۆژوو گرتنـی ئەو ڕۆژە واجبو پێویست نیـیە وە جمهـوری زانایـانیش دەڵـێنو بۆچـونیان وایـە کـە ڕۆژوو گرتنـی ئـەو ڕۆژە سوننەتە .

وە لـەم بارەیەشـەوە چـەندەها سـوننەتی ووتـەیی و کردەوەیی هاتووە سەبارەت بە فەزڵی ڕۆژوو گرتنـی ئـەو ڕۆژە هەروەك لە پێـشتردا چـەند فەرموودەیـەکمان بـاس کرد لـەو بارەیـەوە . وە بـە پـشتیوانی خـوای گـەورە لـە دواتریشدا بەڵگەکانی دیکەش باس دەکەین .

---

(٢) صحيح: مسلم (١١٦٢) وابن حبان (٣٦٣٩) والارواء الغليل(٩٥٥).

# قۆناغەكانی ڕۆژوو گرتنی عاشورا

ڕۆژوو گرتنی ڕۆژی عاشورا بە چەند قۆناغێكدا تێپەڕ بووە هەروەك (حافظ ابن رجب) ڕەحمەتی خوای لێبێت ئەم قۆناغانەی بۆمان باس كردووە لە پەرتووكەكەیدا (لطائف المعارف: ١/٥٣٥) .

**قۆناغی یەكەم:** ئەوەیە كە پێغەمبەری خوا ( r ) ئەو ڕۆژە لەگەڵ خەڵكە نەفامەكاندا بە ڕۆژوو دەبو هەروەك لە بوخاری و موسلیم بە صەحیحی هاتووە لە فەرموودەكەی عائیشەوە ڕەزای خوای لێ بێت فەرمووی: ( كَانَ أَهْلُ الجَاهِلِيَّةِ يَصُومُونَهُ وَكَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلَّمَ يَصُومُهُ )[٣]. واتە: (خەڵكانی سەردەمی نەفامی و نەزانی ئەو ڕۆژە بە ڕۆژوو دەبون تیایدا, هەروەها پێغەمبەری خوایش( r ) بە ڕۆژوو دەبو تیایدا) .

(٣) صحيح: بخاري(٢٠٠٢) ومسلم(٢٦٣٢) وابوداود(٢٤٤٢).

**قۆناغی دووەم:** پێغەمبەری خوا ( r ) کاتێك کە هات بۆ شاری مەدینەو بینی کە جولەکەکان ڕۆژی عاشورا بە ڕۆژوو دەبن پێغەمبەری خوایش ( r ) بە ڕۆژوو بوو وە فەرمانیشی دا بەڕۆژووگرتنی ئەو ڕۆژە.

لە بوخاریو موسلیمدا هاتووە لە فەرموودەکەی ئیبن عەباسەوە ڕەزای خوایان لێ بێت: (أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلم لَما قَدِمَ الْمَدِينَةَ رأَى الْيَهُودَ صِيَامًا يَوْمَ عَاشُورَاءَ فَسَأَلَهُم, فَقَالُوا هَذَا يَوْمٌ عَظِيمٌ أَنْجَى اللَّهُ فِيهِ مُوسَى وَقَوْمَهُ وَأَغْرَقَ الله فيه فِرْعَوْنَ وَقَوْمَهُ فَمُوسَى صَامَهُ شُكْرًا فَنَحْنُ نَصُومُهُ شُكْرًا لِلله تعالى فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَنَحْنُ أَحَقُّ وَأَوْلَى بِمُوسَى مِنْكُمْ فَصَامَهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَأَمَرَ بِصِيَامِهِ)(٤).

---

(٤) صحيح: بخاري(٢٠٠٤) ومسلم(٢٦٥٣).

واتە: (كاتێك كە پێغەمبەرى خـوا ( r ) هـات بـۆ شـارى مەدینە تەماشاى كرد جولەكەكان ئەو ڕۆژە بەڕۆژوو دەبن بۆیە یەكسەر پێغەمبـەرى خـوا ( r ) پرسـیارى لێ كـردن سەبارەت بەو ڕۆژووگرتنە, ئەوانیش لـە وەڵامـدا ووتیـان: ئەمـــە ڕۆژێكـــى زۆر گەورەیـــە خـــواى گـــەورە موســـاو قەومەكەى تیـادا ڕزگـار كـردووە, وەهـەروەها فیرعـەونو قەومەكەشى تیادا لەناو بردووەو خنكاندووە. بۆیە موسـا علیه الـــصلاة والـــسلام لـەو ڕۆژەدا بـەڕۆژوو بـووە وەك سـوپاس كردنێـك بـۆ خـواى گـەورە كـە ڕزگـارى كـردن لەدەسـت فیرعـەونو قەومەكـەى, بۆیـە ئێمـەش تیایـدا بەڕۆژوو دەبین وەك سوپاس گوزارییەك بۆ خواى گـەورە, پێغەمبەرى خـوا ( r ) وەڵامـى دایـەوەو فـەرمووى: دەى كەواتە ئێمە لە پێشترین بۆ موسا وەك لە ئێوەى جولەكە, پێغەمبەرى خوایش ( r ) یەكسەر تیایدا بەڕۆژوو بوو وە فەرمانیشى دا بە گرتنى ئەو ڕۆژە .

**قۆناغی سێیەم:** ئەوەبوو كاتێك كە ڕەمـەزان فـەرز كـرا لەسەر موسوڵمانان, ئیتر ڕۆژوو گرتنی ڕۆژی عاشـورا بـوو بە سوننەت لەدوای ئەوەی كە لـە پێـشتردا فـەرز بـوو وە بەڵگـەش لەسـەر ئـەم جـۆرە فەرموودەكـەی عائیـشەیە ڕەزای خوای لێ بێت كە لە صحیحی بوخـاری و موسـلیمدا هـاتووە, فـەرمووی: كاتێـك كـە ڕۆژوی مـانگی ڕەمـەزان پێویست (فەرز) بوو, پێغەمبەری خوا ( r ) سەبارەت بە گرتنی عاشـورا فـەرمووی:( مَنْ شَاءَ مِنْكُم صَامَهُ وَمَنْ شَاءَ لَمْ يَصُمْهُ)(٥).

واتە: ( هەركەسێك لە ئێوە بیـەوێت بـا بـەڕۆژوو بێـت وە هەركەسێكیش بیەوێت با بەڕۆژوو نەبێت) .

---

(٥) صحيح: مسلم(٢٦٣٥).

**قۆناغی چوارەم:** پێغەمبەری خوا ( r ) لە کۆتای ژیانیدا فـەرمانی کـرد بـە گرتنـی ڕۆژووی ڕۆژی نۆیـەمیش لـە عاشورادا هەروەك سەرپێچی کردنێـكو جیـاوازی کردنێـك لەگەڵ ڕۆژوو گرتنی جولەکەکان پێغەمبەری خوا ( r ) لە فەرموودەکەی ئیبن عەباسدا کە لـە صـەحیحی موسـلیمدا هاتووە فـەرمووی: (لَئِنْ بَقِيتُ إِلَى قَابِلٍ لأَصُـــومَنَّ اليـــوم التَّاسِعَ )[٦].

واتـە: (ئەگەر هاتوو بمێنم تاکو سـاڵی داهـاتوو ئـەوا ڕۆژی نۆیـەمیش بـە ڕۆژوو دەبم). واتـە لەگـەڵ دەیەمیـشدا کـە عاشورا دەکات ئا ئەمە چوار قۆناغ بوو کـە ڕۆژوو گرتنـی عاشورا پیایدا تێپەڕبووە .

---

(٦) صحيح: مسلم(٢٦٦٢).

## ئەو باسەی كە پەیوەستە بە باسەكەی پێشوو ترەوە: ئەویش ئەوەیە كە ئایە ڕۆژی عاشورا چ ڕۆژێكە؟

پێشەوایانو زۆرینەی ئـەهلی عـیلم پێیـان وایـە كـە ڕۆژی عاشورا ڕۆژی دەیەمی موحەڕەمە, بەڵام جگە لەوە نەبێت كە هەندێك لـە زانایـان بۆچـونیان وایـە كـە عاشـورا ڕۆژی نۆیەمە, كە ئەم بۆچوونەش وەرگیراوە لەو ڕیوایەتەی كـە عبدوڵای كوڕی عەباس گێڕاوێتیـەوە, وە بەهـەمان شـێوە لە ضە حاكیش گێردراوەتەوە, وە پشت بەستنو بەڵگەی ئەوانەی كە دەڵێن عاشورا ڕۆژی نۆیەمە نەك دەیـەم وەك باسمـان كـرد ئـەو ڕیوایەتانەیـە كـە لـە ئـیبن عەباسـەوە هاتوون .

یـەكێك لەوانـە ئـەو فەرموودەیەیـە كـە ئیمـامی موسـلیم هاوردویەتیەوەو دەڵێت: حەكەمی كوڕی ئەعرەج هات بـۆ لای ئیبن عەباس ڕەزای خوایان لێ بێت پرسیاری لێ كردو ووتـی:( مَا صِيَامُ عَاشُورَاءِ؟ فَقَالَ إِذَا رَأَيْتَ هِلالَ الْمُحَـــرَّمِ

فَاعْدُدْ تِسْعَاً ثُمَ أَصْبِحْ صَائِمَاً, قَالَ هكَذَا كَانَ يَصُومُهُ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ؟ قَالَ: نَعَمْ )[٧].

واتە: ( ئەی ئیبن عەباس ڕۆژووی عاشورا چۆنەو کەیە؟ ئەویش فەرمووی: ئەگەر هاتوو مانگ هەڵهاتنی مانگی موحەڕەمت بینی ئەوا نۆ شەو بژمێرەو پاشان بەیانیەکەی بە ڕۆژوو بە, ووتی: ئەی ئیبن عەباس ئایە پێغەمبەری خوا ( r ) بەم شێوەیە بە ڕۆژوو دەبوو لە عاشورادا؟ فەرمووی بەڵێ).

**ووتەو بۆچوونی دووەمی زانایان** کە ئەویش ووتەی زۆرینەی زانایانە, کە یەك لای دەکەنەوە بەوەی کە ڕۆژی عاشورا ڕۆژی دەیەمە, وە ئەمەش بۆچوونی ڕاستو تەواوە .

---

(٧) صحيح: مسلم(٢٦٥٩).

بـــەلاّم ئـــەو ڕیوایەتانـــەی كـــە گێڕدراونەتـــەوە لـــە ئـــیبن عەباســـەوە كـــە بـــاس لـــە ڕۆژی نۆیـــەم دەكـــەن هەیانـــە ڕیوایـــەتی لاوازن‌و هەیانـــە ڕاســـت‌و صـــەحیحن بـــەلاّم بـــە ڕاشكاوی باس لەوە ناكـەن كـە نۆیەمـە, بـۆ نموونـە ئـەو ڕیوایەتـەی كـە لـە پێـشووتردا باسمـان كـرد ئـەویش كـە فەرموودەكەی حەكەمی كوڕی ئەعرەج بـوو, كـە دەڵێـت: ئایـە پێغەمبـەری خـوا ( r ) لـە ڕۆژی نۆیەمـدا بـەڕۆژوو دەبوو ؟ فەرمووی بەڵێ, كەواتە بۆمان دەركەوت خۆ ئیبن عەباس تەنها باسی لە چۆنێتی ڕۆژووی پێغەمبەری خوای ( r ) كردووە, لە فەرموودەیەكدا هاتووە بە صەحیحی لە صەحیحی موسلیم لە ئیبن عەباسەوە كە دەیگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە ( r ) كە فەرموویەتی: ( ئەگەر بمێـنم تاكو ساڵی داهاتوو ئەوا ڕۆژی نۆیەمیش بە ڕۆژوو دەبم) .

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێغەمبەری خـوا ( r ) ڕۆژی دەیەم بە ڕۆژوو دەبوو نـەك ڕۆژی نۆیـەم, كەواتـە بۆمـان

دەركەوت دەبێت ڕیوایەتەكەی حەكـەمی كـوڕی ئـەعرەج حەمل بكەین‌و لێكی بدەینەوە بۆ سەر ئـەم ڕیوایەتـە, وە هەروەها پرسیار كردنەكەی حەكـەمیش لـە ئـیبن عـەباس بـەوە لێـك دەدرێتــەوە كـە ئـیبن عـەباس تـەنها ڕێنمـایی كردووە بۆ ڕۆژوو گرتنی ڕۆژی نۆیەم لەگەڵ دەیەمدا, كـە ئەمە بۆچونی پێشەوا (ئیبن القیم)یيشە ڕەحمەتی خـوای گەورەی لێ بێت, كەواتە بۆمان دەركەوت كە مەبەست بـە گرتنی ڕۆژووی ڕۆژی نۆیـەم وەك خـۆ ئامادەكردنێكـە بـۆ ڕۆژی دەیەم, بەڵام بەهەر حـاڵ ئـەو ڕیوایەتانـە ئاشـكراو ڕاشكاو نین, وە بەڵگەی ڕاشكاویش ڕەت ناكرێتەوە لەبەر خاتری ئەو ڕیوایەتانەی كە تیایاندا دوو دڵن, بەڵام ئەوەی كە ڕاسـتو دروسـتە لـە پێغەمبـەری خـواوە ( r ) تـەنها ڕۆژی دەیەم بـە ڕۆژوو دەبـوو, بـەڵام فەرمووشـی ئەگـەر بمێنم تاكو ساڵی داهاتوو ئـەوا ڕۆژی نۆیـەمیش بـە ڕۆژوو دەبم, بەڵام هەندێك لە زانایان لەوانەی كە پێیان وایـە كـە

ڕۆژی نۆیەمە نەك دەیـەم دەڵـێن پێغەمبـەری خـوا ( r ) فەرموویەتی: ( ئەگەر بمێنم تاكو ساڵی داهاتوو ئەوا ڕۆژی نۆیەمیش بە ڕۆژوو دەبووم) . واتە ڕۆژی نۆیەم بـە ڕۆژوو دەبوم بەتەنها بەبێ دەیەم, ئائەمە بەم شێوەیە یـەكلایی بكەینەوە و بڵێیت تەنها نۆیەمە بەبێ دەیـەمیش هەڵەیـە, بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ڕۆژوو گرتنی پێغەمبەری خوا ( r ) بۆ ڕۆژی دەیەم بـەهۆی ڕوداوێكـەوە بـوو كـە لـەم ڕۆژەدا ڕویداوە ئەویش وەك سـوپاس گوزارییـەك بـوو بـۆ خـوای گەورە لەبەر ئەوەی خوای گەورە موساو قەومەكەی ڕزگار كـرد تیایـدا, وە فیرعـەون و قەمەكەشـی لـەناو بـرد و خنكانـدوو ژێـر ئـاو كـرد تیایـدا, پێغەمبـەری خـوا ( r ) شـوێن موسـا كـەوتووە لـە ڕۆژوو گرتنـی ئـەم ڕۆژەدا وە پێغەمبەری خوا ( r ) بۆی نەبووە كە ئەو ڕۆژە بگۆڕێـت بۆ ڕۆژێكی تر, بەلاّم بۆی هەبووە كە پێچەوانەی هاوبەش بۆ خوا بریاردەرەكان بكات بـەكردنی كارێـك, بـۆ نموونـە

زیاد کردنی ڕۆژێك لە پێشیدا هەر وەك باسمان کردو لە دواتریشدا باسکردنی دێت ان شاءالله .

کەواتە ڕۆژوو گرتنەکە دەبێت لە ڕۆژی دەیەمدا بێت, وە بە پشتیوانی خوا لە دواتردا ئەوەش باس دەکەین کە باشتر وایە ڕۆژووی ڕۆژی دەیەم و نۆیەم بەیەکەوە کۆبکەیتەوە و بیگرێت .

## ئەو بابەتەی کە پەیوەستە بە بابەتی پێشوی خۆیەوە:
## جۆرەکانی ڕۆژووی ڕۆژی عاشورا

پێشەوا (ابن القيم) ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە پەرتوکەکەیدا (زاد المعاد) وە هەروەها پێشەوا (ابن الحجر) ڕەحمەتی خوای لێبێت لە (فتح الباري) باسیان کردووە و هێناویانە کە بەوەی ڕۆژووی ڕۆژی عاشورا سێ جۆری هەیە:

**جۆری یەکەم:** ئەوەیە کە ڕۆژووی ڕۆژی دەیەم بگرێت لەگەڵ ڕۆژێك لە پێشیدا یان ڕۆژێك لە دوایدا, بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەو فەرموودەیەیە کە ئیمامی أحمد و بەیهەقی ڕەحمەتی خوایان لێ بێت گێڕاویانەتەوە لە ئیبن عەباسەوە کە ئەویش گێڕاوێتیەوە لە پێغەمبەری خواوە( r ) فەرموویەتی: (لَئِنْ بَقِيتُ إِلَى قَابِلٍ لأَصُومَنَّ يوما قبله ويوما بعده)[٨].

---

(٨) ضعيف: ضعيف الجامع(٤٦٤٩)والسلسلة الضعيفة(٤٢٩٧), وضعفه الارناؤوط في زاد المعاد (٦٩/٢).

واتە: (ئەگەر بمێنم تاكو ساڵی داهاتوو ئەوا ڕۆژێك لە پێشیداو ڕۆژێك لە دوایدا بە ڕۆژوو دەبوم) .

**جۆری دووەم:** ئەوەیە كە ڕۆژی دەیەم بە ڕۆژوو ببیت لەگەڵ ڕۆژی نۆیەم, بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەو فەرموودەیەیە كە ئیمامی موسلیم گێڕاویەتیەوە لە فەرموودەكەی ئیبن عەباس ڕەزای خوایان لێ بێت ئەویش لە پێغەمبەری خواوە ( r ) فەرموویەتی: ( ئەگەر بمێنم تاكو ساڵی داهاتوو ئەوا ڕۆژی نۆیەمیش بە ڕۆژوو دەبوم), واتە لەگەڵ ڕۆژی دەیەمیشدا هەروەك لە پێشتردا باسمان كردووە .

**جۆری سێیەم:** ئەوەیە كە ڕۆژی دەیەم بە ڕۆژوو بیت بەتەنها, بەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كە ئەبو قەتادە گێڕاوێتیەوەو دەڵێت پێغەمبەری خوا ( r ) فەرموویەتی: ( گوناهو تاوانی ساڵی ڕابوردوت دەسڕێتەوە).

ئا ئەم بەش بەش كـردن‌و چـەند جۆرانـەی كـە هاوردمـان بەتایبەت جۆری دووەم و جۆری سێیەم بـە فـەرموودەی ڕاســـت‌و دروســـت هـــاتووەو ســـەلمێندراوە هـــەروەك لـــە پێــشتردا باسمــان كــرد, بــەڵام ئــەوەی زۆر مەبەســتمانە قسەكردنمانە لەسەر جۆری یەكـەم, وە ئایـە ئـەم جـۆری یەكەمە كە دەڵێن باشترین جۆریانـە بۆچـونێكی تـەواوە؟ وە بەباشترین جۆری سێ جۆرەكە دانراوە یاخود نا ؟ ئەوەی كـە ئاشـكرایە لای زانایـان‌و دان پیـانراوە حوكمـە شەرعیەكان جێگیر ناكرێن‌و شەرعیەتیان پێ نادرێت تاكو بەڵگەیەكی ڕاست‌و ڕاشـكاوو ئاشـكرای لەسـەر نـەبێت لـە پێغەمبەری خواوە ( r ) یاخود بەڵگەیەكی ڕاست لە ڕوی جێگیری و ڕاسـتێتیدا, وە یـاخود بەبەڵگەیـەك بـشێت بـۆ بەڵگە هێنانەوە لەسەر ئەو بابەتە, لای كەم گومانی زۆرت وابێت كە ئەو بەڵگەیە دەشێت بۆ هێنانەوە بە بەڵگـە, وە ئـــەو فەرموودەیەشـــی كـــە مەبەســـتمانە فەرموودەكـــەی

عبدالله ى كوڕى عەباسە كە دەڵێت پێغەمبەرى خوا ( r )
فەرموويەتى: ( دەبێت ڕۆژێك لە پێشيو ڕۆژێك لە دوايدا بە ڕۆژووو ببم). ئەم فەرمودەيە ڕاستو صەحيح نىيە لە پێغەمبەرى خواوە ( r ) لەبەر ئەوەى لە سەنەدەكەيدا كەسێك هەيە كە ناوى موحەممەدى كوڕى عبدالرحمن ى كوڕى ئەبو ليلى يە – كە ئيمامى أحمد و جگە لەويش بە كسێكى لاواز باسيان كردووە, وە بەڵگەش لەسەر ئەوەى كە ئەم كابرايە لايەنى لەبەركردنى بۆ فەرموودە خراپ بووە, ئەوەيە ڕيوايەتێكى تر گێڕدراوەتەوە هەر لەم كابرايەوە – واتە موحەممەدى كوڕى عبدالرحمن لە ڕێگەى بەيهەقيەوە دەيگێڕێتەوە بەم شێوەيەو دەڵێت– گوايە پێغەمبەرى خوا ( r ) فەرموويەتى: ( دەبێت ڕۆژێك لە پێشيدا ياخود ڕۆژێك لە دوايدا بە ڕۆژوو ببم) .
وە بۆ زياتر دڵنيا بوون لەسەر خراپ لەبەركردنى ئەم پياوە بۆ فەرموودەكانى پێغەمبەرى خوا ( r ) ئەو

فەرموودەيەيە كە ئيبن عەباس گێڕاوێتيەوەو دەفەرمووێت كە فەرموودەكە لە صەحيحيى موسليمە: ( ئەگـەر بمێـنم تاكو سالْى داهاتوو ئەوا ڕۆژى نۆيەميش بـە ڕۆژوو دەبم).
لـەم بەلْگەيـەدا نـەهاتووە بلْێـت دەبـىْ ڕۆژێك لـە پێـشى ياخود ڕۆژێك لە دواى بە ڕۆژوو بـبم, يـاخود بەشـێوەيەك باسـى كردبێـت كـە گومـانى تێـدا هــەبێت كـە ئايـە كـام ڕۆژەيانە ئايە نۆيەمە يان دەيەمە. كەواتـە ئـەو ووتەيـەى كە دەلێت بەرزترينو باشترين جۆر ئەوەيە كە سىْ ڕۆژ بە ڕۆژوو بيت ڕاستو دروست نىيە بەلْكو ئەو بەلْگەيەى كـە بەدەسـتيانەوەيە بەلْگەيـەكى لاوازە, بـەلاْم ئـەوەى كـە ڕاستن لەم جۆرانەى كە باسمان كرد دوو جۆريانە.
جـۆرى يەكـەم ئەوەيـە كـە ڕۆژى دەيـەم بـە ڕۆژوو ببيـت لەگـەلْ نۆيەمـدا, جـۆرى دووەم ئەوەيـە كـە تـەنها ڕۆژى دەيەم بە ڕۆژوو ببيت.

**... بەڵام لێرەدا بابەت و باسێك دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە:**

**ئەگەر هاتوو گومان هەبو لە چوونە ناوەوەی مانگەكە لە سەرەتادا. وە یاخود بەبینینی مانگیش دڵنیاو یەك لا نەكرابۆیەوە ....**

ئەو كات سوننەت وایە كە سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو ببیت وەك دڵنیاییەك و ئیحطیاطیك تاكو دڵنیا بیت لە گرتنی ڕۆژووی ڕۆژی نۆیەمو دەیەم, بۆ نموونە با بڵێین ئەگەر لە ڕۆژ ژمێری ئەم ساڵدا ڕۆژی دەیەم گومانی تێدا بوو ئایە دەبێ لەگەڵ دەیەمی موحەڕەمدا یاخود لەگەڵ نۆیەمی موحەڕەمدا یەك بگریتو یەك بین. وە یان ڕۆژی نۆیەم گومانی تیادا بوو ئایە دەبێ بە دڵنیایەوە نۆیەمی موحەڕەم بێت یاخود هەشتەم, وە یان ڕۆژی یانزەیەم گومانی تێدا بوو ئایە دەبێ بە دڵنیایەوە یانزەیەمی موحەڕەم بێت یاخود ڕۆژی دەیەم, بۆیە گەر ئاوا لە

گوماندا بوین ئەوا ئەو کات ئێمە لـەم کاتـەدا سـیٚ ڕۆژ بـە ڕۆژوو دەبــین (**هەشــتەم و نۆیــەم و دەیــەم**) تــاکو توانیبێتمــان بــە دڵنیایــەوە ڕۆژی نۆیــەم و دەیــەممان گرتبێت, کەواتە بۆمان دەرکەوت لەکاتی گوماندا سیٚ ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبین تاکو بتوانین بە دڵنیایەوە ڕۆژی نۆیـەم و دەیەم بگرین وەك لە پێشتردا باسمان کرد.

ئەم شێوازەش ئیمامی ئیبن عەبباس ڕەزای خوای لیٚ بێت پێی باشەو بۆچونی لە گەڵیدایە. وە ئەم بۆچون و ڕایەش کە ئیبن عەباس بە دروستی دەزانێت و پێی باشە لـە دوو سـەنەددا لێیــەوە هــاتووە, هــەروەك ئیمـامی ئـیبن أبـی الشیبە و ئیمامی ئەبو زرعەی الدمشقی گێڕاویانەتەوە.

وە هەروەها ئیمامی ( **ئیبن تەیمییــە**) ڕەحمــەتی خــوای لێبێت سەنەدەکەی هاوردووە بـە صـەحیحی لـە شـەرحی (العمـــــدة)دا, بۆیــە ئــەم دوو ســەنەدە هــەر یــەکێکیان ئەویتریان بـەهێز دەکـات, وە بەهــەمان شـێوە لـە ئـیبین

سیرینەوە هاتووە بە صەحیحی کە لە کاتی گومان و دوودڵیدا سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبو. کە ئەمەش بۆچوونی ئیمامی (ئەحمەد و شافعی و إسحاقی کوڕی ڕاهەوەیهی)ییشە, وە دەمەوێت هۆشدارییەك بدەم سەبارەت بە بابەتێك کە لە پێشتردا لە بیرم چو باسی بکەم ئەویش ئەوەیە کە هەندیك لە زانایان پێیان وایە کە جۆری یەکەم تەواوو دروست و لە پێشترە ئەوەیە کە دەبێت سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو ببیت, کە ئەمەش لە ئیبن عەباسەوە گێڕدراوەتەوە هەروەك ئیمامی ئیبن جەریر لە پەرتوکی (تهذیب الأثار)دا هاوردویەتی.

وە سەنەدەکەشی وەك باسمان کرد ئیبن جەریر هاوردوویەتی لە پەرتوکەکەیدا ( تهذیب الأثار) لە ڕێگەی وەکیعەوە ئەویش لە ئیبن جورەیجەوە ئەویش لە عەتاوە ئەویش لە ئیبن عەباسەوە, بەڵام با ئەوەش بڵێین بەشێك لە زانایان پێچەوانەی بۆچوونەکەی ئیبن جەریرن, لەو زانایانەی کە پێچەوانەیین عبدالرزاق و حەفصی کوڕی

زیادو وەکەسانێکی تریش هەن هەر پێچەوانەی ئەون, وە هـەموویان ئـەو ڕیوایەتـەیان گێڕاوەتـەوە بـەلاّم بـەبێ هاوردنی ووشەی ڕۆژوو گرتنی سێ ڕۆژ.

وە هـەروەها ئەسـەرو فەرموودەیـەك هـاتووە لـە ڕێگـەی سۆفیانی کوڕی عویەینەوە لە عەمری کوڕی دینـارەوە لـە عەتاوە لە ئیبن عەباسەوە بەلاّم بەبێ باسـکردنی ڕۆژووی سێ ڕۆژ, پوختەی ئەم بابەتە ئەوەیـە ئـەو بەڵگانـەی کـە ئەو زانایانە کردوویانە بەبەڵگە لەسەر بە سوننەت دانـانی ڕۆژوو گرتنی سێ ڕۆژ بونیادیاناوە لەسـەر ئـەوەی گوایـە بەقسەی ئـەوان بێـت لـە ئـیبن عەباسـەوە بـە صـەحیحی هاتووە. ئەمەش وانی‌یەو جێی تێڕوانینە.

بەلاّم ئەو ڕیوایەتانەی کە ڕاسـتو دروسـتو بـێ گومـانو پارێزراون کە لە ئیبن عەباسـەوە هـاتووە تـەنها بـاس لـە ڕۆژی چەند دەکات؟ تەنها باس لە ڕۆژوی دوو ڕۆژ دەکات ئەو دوو ڕۆژەش ڕۆژی نۆیەم و ڕۆژی دەیەمە.

## باس و بابەتی کۆتایی

## ئایە حوکمی بەتەنها ڕۆژوو گرتنی ڕۆژی دەیەم چیە؟

زانایان ڕا جیاوازن لەم بارەیەوە بۆ دوو بۆچوونو ووتە.

**بۆچـــوونی یەکـــەم**: ئیمـامی ئەحمـەدو ئـەبو حەنیفـە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت بۆچـونیان وایـە کـە کەراهـەتی هەیە بەتەنها ڕۆژی دەیەمی موحەڕەم بە ڕۆژوو بیت.

**بۆچوونی دووەم**: کە ئەویش بۆچـونێکە لەسـەر مەزهـەبی حەنبەلییـەکان, وە هـەروەها پەسـەند کراویـشە لـەلای ئیمامی ئیبن تەیمیە ڕەحمەتی خوای لێ بێت: (بەوەی کە کەراهەتی نیە و دروستە), بەڵام بۆچوونی ڕاست و تەواو ئەوەیە: دەبێ تەماشا بکرێت ئایە ماناو مەبەست چیە لە بـەکارهێنانی ووشـەی کەراهـەت, ئەگـەر مەبەست بـە کەراهەت ئەوەبوو کە باشتر وایە بە ڕۆژوو نەبیت بەتـەنها واتە: ئەگەر هاتوو کرایە ویستو ئارەزووی ئـەو کەسـەوە کە بەوەی تەنها ڕۆژی دەیەم بە ڕۆژوو بێت یان بـە ڕۆژوو نەبێت.

ئایە مانای ئەوەیە کە باشتر وایە بە ڕۆژوو نەبێت لەبەر ئەوەی تەنها ڕۆژی دەیەمی گرتووە؟ یاخود بڵێی لەبەر ئەوەی ڕۆژوو گرتنی ڕۆژی دەیەم بەتەنها کەراهەتی هەیە؟ ئایە بۆچوونی باشتر و یەکلاکەرەوە کامەیە؟ بۆچوونی تەواو ئەوەیە دەبێ ڕۆژووی ڕۆژی دەیەم بگریت. با کەراهەتیشی هەبێت. وە ئەگەر مەبەستیش بەکەراهەت لێرەدا ئەوە بێت کە پێچەوانەی باشترە، بەڵێ ئەوە ڕاستە، لەبەر ئەوەی باشتر وایە کە ڕۆژووی ڕۆژی نۆیەم و دەیەم بەیەکەوە کۆبکەیتەوە و بەیەکەوە بیگریت بەڵام بەتەنها گرتنی ڕۆژی دەیەم بە پێچەوانەی باشترو چاکتر دەژمێردرێت، ئەگەر واتای کەراهەت بەوە لێک درایەوە کە پێچەوانەی باشترە. بەڵێ دەڵێین ڕاستەو ئەوە مەبەستەکەیە، وە ئەگەر هاتوو کەراهەت بەوە لێکدرایەوە بە واتای ئەگەر بێتو ئەو کەسە هەر بە ڕۆژوو نەبێت بۆی باشتر بێت لەوەی کە تەنها ڕۆژێك بگرێت کە

ئەوەیش ڕۆژی دەیەمە, ئا ئەمـە بۆچـونێکی هەڵەیـە, وە ئەم شێوە بە ڕۆژوو بوونـە هـیچ کەراهـەتێکی تێـدا نیـیـە لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا (r) بەم شـێوەیە لێیـەوە گێڕدراوەتـــەوەو گوتویـــەتی وە هـــەر لەبـــەر ئەوەیـــشی پێغەمبـەری خـوا (r) فـەزڵ و پلـەی ڕۆژوووەکـەی بـە دەیەمەوە پەیوەست کردووە.

ئـا ئەمـە کۆمـەڵێك بـاسو بابـەت بـوو کـە باسمـان کـرد پەیوەســت بــوون بــە بــەڕۆژوو بــوونی ڕۆژووی دەیــەمی موحەڕڕەم. واتە عاشورا...

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين .**

تەواو بووم لە وەرگێڕانی ئەم پەرتووکە بەسودە

لە ڕۆژی ١٠ موحەڕەم عاشورای ١٤٣٢ کۆچی بەرامبەر

١٦/ ١٢/ ٢٠١٠ زاینی ڕۆژی پێنج شەمە.

أبو مسلم عبدالله خالد عبدالحميد

٠٧٧٠١٢١٢٥٤٥ چەمچەماڵ